# ئەوەی بەخشینەکەی (خێرەکەی) وەردەگرێتەوە، وەکو ئەو کەسە وایە کە ڕشاندنەوەکەی دەخواتەوە

لە عبداللەی کوڕی عەباسەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «ئەوەی بەخشینەکەی (خێرەکەی) وەردەگرێتەوە (لێی پەشیمان دەبێتەوە)، وەکو ئەو کەسە وایە کە ڕشاندنەوەکەی دەخواتەوە». ولە گێڕانەوەیەکدا: «ئەوەی خێرەکەی (لە بەخشینەکەی) وەردەگرێتەوە (لێی پەشمیان دەبێتەوە)، وەکو ئەو سەگە وایە دەڕشێتەوە پاشان ڕشاندنەوەکەی دەخواتەوە».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- چەند نمونەیەک باسدەکات سەبارەت بە وەرگرتنەوەی خێر وبەخشین ودیاری وئەم نمونانەش لە ناشیرینترین شێوەن ئەمیش بەهۆی ناڕەسەنی ئەم کردەوەیە: ئەو کەسەی خێرەکەی یان بەخشینەکەی وەردەگرێتەوە لە کەسی بەرامبەر پاش ئەوەی پێیدا و وەری گرت وەکو ئەو سەگە وایە کە دەڕشێتەوە پاشان دەچێت وڕشاندنەوەی دەخواتەوە؛ ئەمیش بەڵگەیە بۆ قێزەوەنی حاڵی ئەو کەسە، وناشیرینی کردەوەی ئەم کەسە کە دیاری وبەخشینەکان لە کەسی بەرامبەر وەردەگرێتەوە.



النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee